Journal of Kurdish Literature
Autumn and Winter 2025
Vol. XI, No. 2, Series 20

پژوهشنامه ادبیات کردی
پاییز و زمستان ١٤٠٤
سال ١١، شمارۀ ٢، پیاپی ٢٠

# لێکدانەوەی خوازەی «با» و ناسەقامگرتوویی مرۆڤ لە ڕۆمانی جەمشیدخانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد

ئەحمەد غوڵامی[١] (نووسەری بەرپرس)
ڕۆژین سۆفی‌خزری[٢]

(وتاری توێژینەوەیی)

کاتی وەرگرتن: ٢٦ی خاکەلێوەی ١٤٠۴، کاتی پەژێران: ١۶ی خەرمانانی ١٤٠۴، لل. ٢٣٨–٢١٧
DOI: 10.22034/jokl.2025.143463.1430

## کورتە

*ڕۆمانی جەمشیدخانی مامم* نووسراوەی بەختیار عەلی چارەنووسی کەسانی سەرگەردان پیشان ئەدا کە پێگەیەکیان بۆ حەسانەوە و سەقامگیری نییە. لەو ڕۆمانەدا ئەزموونی ژیانی مرۆڤی هاوچەرخ و بێ‌دەسەڵاتی و بێ‌داڵدەیی تاکی کورد، بەتایبەت لە هەشتاکان و نەوەدەکاندا لە ڕێگەی خوازەی ناوەندیی «با»وە وێنا کراوە کە تێیدا ئاوارەیی، قەیرانی سیاسی، ململانێی ئایدۆلۆژی و کێشەکانی هاوچەرخی سووژەی جەمشیدخان دەخاتەڕوو. شێوازی ئەنجامی لێکۆڵینەوە، لێکدانەوەی خوازەیی بە مێتۆدی لەکاف و جانسۆنە کە بۆ پێوەندییەکانی «با» لەگەڵ بابەتی کۆمەڵایەتی-سیاسی دەتوانێت زۆر کارامە بێت. خوازەکانی ناو ڕۆمانەکە (باگەلی سرووشت، جەنگ، خۆشەویستی، خواناسی، سەفەر، سایبری و ملکیّتی)، هەرکام پێکهاتەی زمانی و کۆمەڵایەتیی ژیانی تاکی کورد دەگێڕنەوە. بەپێی ئەو خوێندنەوەیە، *ڕۆمانی جەمشیدخانی مامم*، بە تێکهەڵکێشانی دوو زمانی واقیعیەت و خولیا، هەوڵێکی زمانییە بۆ نیشاندانی ژیان و بەسەرهاتی مرۆڤی کورد و بەو پێیەش دەکرێت وەکوو گێڕانەوەیەکی ئەدەبی بۆ ئاوارەیی و بێ‌داڵدەیی ئەو گەلە چاوی لێبکرێت.

***وشەگەلی سەرەکی:*** ڕۆمان، *جەمشیدخانی مامم*، بەختیار عەلی، با، لێکدانەوەی خوازەیی

## چکیده

رُمانِ *عمویم جمشیدخان* اثر بختیار علی، سرنوشت مردمانی سرگردان را بازنمایی می‌کند که فاقد هر گونه بنیانی برای اسکان و استقرارند. این رمان به میانجی استعارۀ «باد» روایتگر تجربۀ زندگی انسان معاصر و سلب توانمندی و در عین حال بی‌خانمانی سوژۀ کورد به ویژه در سال‌های دهۀ هشتاد و نود میلادی است که در آن آوارگی، بحران سیاسی، کشمکش ایدئولوژیک و دردسرهای معاصرِ سوژۀ جمشید خان را به تناظر مفهوم «باد» به نمایش گذاشته است. روش تحلیل در این مقاله تحلیل استعاری بر اساس روش لکاف و جانسون است که برای مرتبط کردن مفهوم «باد» با مقولات اجتماعی/سیاسی می‌تواند مثمر ثمر باشد. استعاره‌های برجسته در این رمان (بادهای طبیعت، جنگ، عشق، الهیات، سفر، سایبرنتیک و تملک)، هر کدام به نوعی به ساختار زبانی و اجتماعی حیات سوژۀ کورد مرتبط هستند. بر اساس این رویکرد، رمان *عمویم جمشید خان* با در هم‌تنیدن واقعیت و تخیل، تقلایی است در جهت بازروایت زندگی و سرنوشت مردم کورد در سطح زبانی و به همین دلیل می‌توان آن را به عنوان روایتی ادبی از آوارگی و بی‌خانمانی این ملت به حساب آورد.

***واژگان کلیدی:*** رمان، عمویم جمشیدخان، بختیار علی، باد، تحلیل استعاری

١. دوکتۆرای کۆمەڵناسی، زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی بۆکان، بۆکان، ئێران agholami17548@gmail.com
٢. خوێندکاری ماستەری زمانی ئینگلیزی زانکۆی ئازادی ئیسلامیی مەهاباد، مەهاباد، ئێران rsofixizri1382@gmail.com

## ۱- پێشەکی

بەختیار عەلی یەکێک لەو نووسەرە ناسراوانەیە کە لە بەرهەمەکانیدا زمان بە شێوەیەکی کارامە لە خزمەت گێڕانەوەیەکی ئەفسوونایی ڕووداوەکاندایە. ئەو لەجیاتی پەنابردن بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان بە شێوەی ڕیالیستی، هەوڵ دەدات لە ڕێگەی کۆمەڵێک چەمکی خوازەییەوە، ڕووبەڕووی ئەو ڕوانگە و بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەمان بکاتەوە کە ڕەنگە ئەزموونییان بە بێ بەکارهێنانی وێنا و هێما و خوازەکان ئەوندە سەرنجڕاکێش نەبێت. تا ڕادەیەک دەکرێت بڵێین زمان لەم دۆخەدا لێواولێوە لەو ئەزموونانەی کە گێڕانەوەیان بە بێ خوازەکان نامومکینە. زمان شوێنی دامەزراندنی مانایە و شوێنپێی ئەزموون و نەهامەتییەکانی لەسەر هەڵکەندراوە. لێرەدایە کە ئیدی ئەو مانا کلاسیکەی لەمەڕ خوازە کە دەگوترا خوازە شتێکی ناعەقڵانی و تایبەت بە زمانە، وەلا نراوە و ئەمڕۆکە خوازە وەکوو کۆمەڵێک کردەوەی ڕۆژانە دەناسرێت کە تەنانەت ئاساییترین بەشەکانی ژیانی ئێمەشی بە شێوەی جەستەیی و هاوکات زەینی گرتۆتەوە. مرۆڤ لە ڕێگەی خوازەکانەوە، پێکهاتە و چۆنێتی تێگەیشتنەکان، شێوەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جیهان و چۆنێتی پێوەندی خۆی و خەڵکی دیکە دیاری دەکات. راستییەکانی کۆمەڵایەتی و جیهانی دەورووبەر، تەنیا لە ڕێگەی خوازەکانەوە دەناسرێت و فام دەکرێت.

ڕۆمانی *جەمشیدخانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد* (کورتکراوەکەی: *جەمشیدخانی مامم*)، وەکوو ڕۆمانێکی ڕیالیستی جادوویی، تێکەڵێکی واقیعی/خولیاییە لە ڕووداوەکانی ژیانی خەڵکی کورد، کە دەکرێت تێیدا راستییەکانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی چەمک و خوازەی هەڵفڕینی جەمشیدخان بە دم ئەو بایانەوە لێکبدرێتەوە کە هەم سەرچاوەیێکن بۆ ڕزگاری و هەم مایەی بێدەرەتانی و ناسەقامگرتوویین. ژیانی جەمشیدخان و پەرەوازەبوون لە ناو ئاسمانەکان و بەربوونەوە لەم وڵات و ئەو وڵات و پاشان لە بیرچوونەوەی هەمووی ئەو شتانەی کردبووی بە تانوپۆی ئەندێشە و خولیاکانی خۆی، نموونەی ژیانێکی سەرانسەر شڵەژاوە و دەکرێت بە تایبەتمەندیی ژیانی سووژەی کوردی هاوچەرخ دابنردرێت.

بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕوانگەیە کە «زمان بەپێی پێویست خوازەییە و بێتوو نووسەران هەوڵ نەدەن بۆ ئەوەي لێکهەڵبڕاوی زمان و مانا لە بەرهەمەکانیاندا پێشان بدەن، زمان ئەو توانایی و ئامانجە ڕەسەنەی خۆی لە کیس دەچێت» (شلی لە زمانی ریچاردز، ۱۳۸۲: ۱۰۰)، لەم خوێندنەوەیەدا هەوڵ دەدرێت *ڕۆمانی جەمشیدخانی مامم*، لە پێوەندی لەگەڵ دوو بابەتی سەرەکی واتە زمان و کۆمەڵگا لێکبدرێتەوە. لە پێوەندی لەگەڵ زمان، چەمکی خوازە[1] و لە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگا

---

1. Metaphor

بابەتی ناسەقامگرتوویی و بێ‌دالدەیی ڕەچاو کراوە. لە ڕاستیدا ئەو ڕۆمانە نموونەیەکی تەواوە لە پەرەپێدانی ئازادانە بە مانا و بەربڵاوی و بێ‌سنووریی خوازە بۆ گێڕانەوەی شێوازێک لە تێگەیشتنی جیهان و ژیان کە مرۆڤ بە زمانی سادە و ئاسایی ناتوانێت دەریببڕێت. ئەو ڕوخسارە لە ژیان بە واتای ناسەقامگرتوویی، پێویستی بە زمانێکە کە تێیدا «خوازە هەم بە شێوەیەکی زمانی ئامرازی تێگەیشتنمان بۆ دەستەبەر دەکات و هەم سەرچاوەیەکە بۆ بیرکردنەوە و ئەندێشە» (Lakoff and Johnson, 1980: 9).

بەم پێیە ڕۆمانی *جەمشیدخانی مامم* لە ڕێگەی ئەو بابەتەی لەکاف و جانسۆن پێی دەڵێت خوازەی چەمکی[1]، بەهیوایە شێوەی زمانی/کۆمەڵایەتی ژیانی سەردەمی مرۆڤ بەگشتی و کەسایەتی کورد بەتایبەت، لە ڕێگەی خوازەی «با» و هەڵفڕینی مرۆڤێکی وەکوو جەمشیدخان لە جەغزێکی نالەباری بێ‌هێوایی و ئۆقرەنەگرتوویی‌دا بگێڕێتەوە. هەرچەند ئەو خوێندنەوەیە دەکرێت لایەنی سیاسی-ئابووریی سەردەمی بەعسیزم، یان لایەنی کولتووری و ئایدیالۆژیکیی زاڵ بە سەر ژیانی کوردەواریش بگرێتە بەرچاو، بەڵام ئەوەی لێرەدا دەکرێت وەکوو جیهانی جەمشیدخان ڕەچاو بکرێت، ئەو هەلومەرج و بارودۆخەیە کە مرۆڤ بەگشتی و سووژەی کورد بەتایبەتی تێیدا دەژین. ئەمە بە مانای دابڕانی دەق لە مێژوو نییە، بەڵکوو لە ڕاستیدا بۆ ئەوەیە کە پێوەندیی زمانی/کۆمەڵایەتی ناو ئەو دەقە ئەو دەرفەتەمان دەخاتە بەردەست کە لەسەر هێڵێکی دیاریکراو بمێنینەوە کە ناوەندەکەی هەمان خوازەیە و لەو ڕێگەوە پێوەندیی نێوان مرۆڤ و ئەو ئەزموونە مۆدێڕنە بخەینە بەر باس کە ژیانی ئێمەی مرۆڤ و کوردی تووشی دۆخێکی ناتەبا و ژیانێکی ناسەقامگرتوو و بێ‌دالدە کردووە.

مەبەستی سەرەکیی ئەو وتارە، لێکدانەوەی خوازەیی بەرهەمەکەی بەختیار عەلی‌یە، واتە ڕۆمانی *جەمشیدخانی مامم* و مەبەست ئەوەیە کە چۆن نووسەر وێناکان دادەڕێژێت و پێکهاتەکان ڕێکدەخات و لێکیان هەڵدەبەستێت و دەست دەکات بە وێناکردنی واقعیەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە ڕێگەی خوازەی «با»وە. واتە ئەوەی کە نووسەر بە چ شێوەیەک ئەو هەوڵە زمانی/کۆمەڵایەتییە کە دەگەڕێتەوە بۆ وێنای پێوەندیی سووژەی کورد و لێرەشدا جەمشیدخان - کە دواتر وەکوو چارەنووسێک بە میرات بۆ سالار خانی برازای دەمێنێتەوە- بە مەبەستی نیشاندانی چەمکی ناسەقامگرتوویی و بێ‌دالدەیی دەگێڕێتەوە و چۆن ڕاماندەکێشێت شێوەی بەکارهێنانی زمان و گێڕانەوە لە بەستێنیکی ڕیالیستی جادوویی‌دا، تاوتوێ بکەین، تاکوو لەوە تێبگەین کە بەختیار عەلی پێوەندی «با» و ناسەقامگرتوویی چۆن بەکار هێناوە و بۆچی ویستوویەتی لە

---

1. Conceptual Metaphor

ڕێگەی بەکارهێنانی چەمک و سیستەمێکی خوازەییەوە، سەرەکیترین قەیرانی خەڵکی کورد واتە ناسەقامگرتوویی بگێڕێتەوە.

## ۱-۱- پاشخانی توێژینەوە

بەرهەمەکانی بەختیار عەلی بەهۆی قووڵایی و چەمەوازی بابەت و ناوەرۆکەوە، توانیویەتی زۆرتر لە نووسەرانی کورد، کاریگەری لەسەر بیرمەندان و خوێندەوارانی کورد لە ناوخۆ و لە دەرەوە دابنێت. لەم ساڵانەی دواییدا گرنگیی ڕۆمان وای کردووە کە خوێندنەوە لەسەر ڕۆمانی کوردی بەگشتی و بەرهەمەکانی بەختیار عەلی، بەتایبەت زۆرتر و چڕتر ببێتەوە. لێرەدا ئاماژە بە چەند وتار و پەرتووک دەکەین کە لەسەر ڕۆمانی کوردی و بەرهەمەکانی بەختیار عەلی نووسراوە.

ئەحمەدزادە (۲۰۲۱) لە کتێبێکدا بە ناوی *لە شاعیرە سەرگەردانەکانەوە بۆ ڕۆماننووسە بێدەوڵەتەکان، پێشەکییەکی کورت بۆ مێژووی ئەدەبی کوردی*[1]، باس لەوە دەکات کە بە پێچەوانەی سەردەمی عوسمانی کە تێیدا شاعیر لە ناو ناوچە کوردنشینەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی دەگەڕا و ئەزموونەکانی خۆی دەگێڕاوە، لە ڕۆماندا ڕاستەوخۆ پێوەندییەکان بەستراونەتەوە بەو سنوورە داخراوانە و ئەمەش وای کردووە ڕۆماننووسە مۆدێرنەکانی کورد دەرفەتێک بۆ تێپەڕاندنی سنوورە نەتەوەییە دیاریکراوەکان بۆ کارەکتەرە خەیاڵییەکانیان برەخسێنن. ئەو کارەکتەرانە کە بەدەست نەبوونی شوناسێکی نەتەوەیی دیاریکراو و بێدەوڵەتییەوە دەناڵێنن، بە بەزاندنی سنوورەکانی نێوان پارچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بێداڵدەیی و بێهیوایی ژیان دەخەنە بەرچاو (Ahmadzadeh, 2021). ئەوەی لەم کتێبەدا پێویست بوو بەهای پێ بدرێت، پێکهاتەی زمانی خودی بەرهەمەکان بوون، وەکوو هۆنەرەکانی نووسین، خوازە و زمان و ... کە نووسەر تێیدا هیچ هەوڵێکی نەداوە چەمکی بێداڵدەیی لە پێوەندی لەگەڵ ئەم تایبەتمەندییە زمانییانە بخاتە بەرچاو و لێکی بداتەوە.

عەبدولکەریم و سەعید (۲۰۱۹) لە وتارێکدا بە ناوی «قورسایی کۆلۆنیالیزم و لەخۆنامۆبوون لە ڕۆمانی مۆدێرنی کوردیدا[2]»، باس لەوە دەکەن کە چۆنێتی ڕەنگدانەوەی هێزەکانی کۆلۆنیالیزم لەسەر کۆمەڵگا و خەڵک تا چەندە کاریگەریی لەسەر ڕۆمانی کوردی بووە. بە باوەڕی نووسەران، ئەو هێزانە ئێستاش کارتێکەریان لەسەر کۆمەڵگای کوردستان ماوە و بوونەتە هۆی بێبەشبوونی خەڵک لە سەقامگیری و خۆشگوزەرانی و ئاشتی. ئەو هەلومەرجە وای کردووە

1. From the Wandering Poets to the Stateless Novelists: A Short Introduction to Kurdish Literary History.
2. Burden of Colonialism and Alienation in Modern Kurdish Novel

ناوەڕۆکی ڕۆمانی کوردی بە دەوری چەند شێوە لە گێڕانەوەدا ڕێکبخرێت؛ یان باسی ئاوارەبوونی ناوخۆییە، یان ململانێ و کێشـەی دەروونیی کاراکتەرەکان، یان گەڕانی مرۆڤ بۆ نەریتەکان و لەئەنجامدا ئۆقرەنەگرتن لە وڵات و ئاوارەیی بە ناو جیهاندا (Abdulkarim, & Saeed, 2019). ئەو بەرهەمە سـەرەڕای ئەوەی کە باسـی هۆکارەکانی نامۆبوونی سـووژەی کوردی لە ژێر ناوی کۆلۆنیـالیزم کردووە، هەوڵێکی ئەوتۆ و بەرچاوی نەداوە بۆ ئەوەی بچێت بە دوای تـایبەتمەنـدیی زمانی و کاریگەریی خوازە لە ناو بەرهەمە کوردییەکاندا.

تافان کەماڵ کەریم و شـاجوان نەریمان فەتاح (٢٠٢٤) لە وتارێکدا بە ناوی «ئانارشـیسـتێکی فڕیو: خوێندنەوەی کتێبی *جەمشـیدخانی مامم: کە هەمیشـە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد*»[1]، باس لەوە دەکەن کە ئەو ڕۆمانە تەنیا ڕووداوە ڕاستەقینەکانی پەیوەست بە خەڵکی کورد نیشان نادات، بەڵکوو پرسـە فەلسـەفییەکانیش دەخاتە ڕوو. مەبەسـتی ئەو نووسـەرانە ئەوەیە کە کتێبەکە خوێنەران بەرەو ئاسـتێکی بەرزتر دەبات، واتە خاڵی سـەرەکیی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە پشـکنینی پەیوەندیی میتافیزیکی نێوان مرۆڤ و با کە لە خۆیدا دەتوانێت ڕێگە بۆ باسکردن لە ئانارشیزم و کۆمەڵگای خەیاڵی و هەژموونی کولتووری بکاتەوە و پێمان دەڵێت تا چەندە مرۆڤی سـەردەم بە هۆی ئایدیالۆژیایە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانی سـەردەم بێ‌پێگە بووە (Karim & Fatah 2024). ئەو وتـارە دەیهەوێت بەرهەمەکەی بەختیـار عەلی بەو ئایدۆلۆژیانەوە ببەسـتێتەوە وا وەکوو با مرۆڤی سـەردەم بەم لاوئەولا دەبا و کەمتر هەوڵی داوە بۆ گەڕان بە دوای تایبەتمەندییە زمانییەکانی ناو ڕۆمانەکە.

غوڵامی و نەججار (١٤٠١) لە وتارێکیاندا بە ناوی «لێکدانەوەی توانەوەی کەسایەتییەکان لە ڕێگەی باوە لە دوو ڕۆمانی *کیمیاگەر* و *جەمشیدخانی مامم* لە ڕوانگەی ڕیئالیزمی جادووییەوە» هەوڵیان داوە جیاوازی و هاوبەشـییەکانی کاری پائۆلۆ کوئیلۆ لە ڕۆمانی *کیمیاگەر* و بەختیار عەلی لە *جەمشـیدخانی مامم*دا، لە پێوەندیی نێوان کەسـایەتییەکان و با هەڵسـەنگێنن. بەپێی ئەو خوێنـدنەوەیە لە *کیمیاگەر*دا کەسـایەتی سـەرەکی بە «با» پلەی بەرز دەبێتەوە، کەچی لە *جەمشـیدخانی مامم*دا، با چ نییە جگە لەو شـتەی کە بەردەوام ژیان و پلە و پێگەی جەمشـیدخان دەدات بە باوە (غلامی و نجار، ١٤٠١). ئەو وتارە کەمتر باسـی ناوەڕۆکی رۆمانەکەی بەختیار عەلی‌یە و زۆرتر بە شێوەی بەراوردکارانە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ئەو دوو ڕۆمانەیە.

---

1. A Flying Anarchist: Reading Bakhtyar Ali's My Uncle Jamshid Khan: Whom the Wind was Always Taking

مورادی، گورجی و هێدایەت (۱۴۰۲) لە وتارێکدا بە ناوی «شـــیکاری گوتاری ڕەخنەیی ڕۆمانی *جەمشیدخانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆی دەیبرد*»، باس لەوە دەکەن کە ئەو ڕۆمانە گێڕانەوەی ژیانی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتیی نەتەوەی کوردە لە کوردستانی باشوور و هەر لەبەر ئەوەش هاتوون بە کەڵکوەرگرتن لە شـیکاریی ویژمانی ڕەخنەیی[1] فەیرکلاف[2]، سـێ ئاسـتی وەسـف و لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی ئەو ڕۆمانەیان تاوتوێ کردووە. دەرەنجامەکان دەریئەخات کە بەختیار عەلی ویستوویەتی بە وەسفێک کە جۆرێک وەسفی نێوان خەیاڵ و راستەقینەیە، شێوازێک بگرێتەبەر بۆ ئەوەی ناڕەزایەتی بەرامبەر بە دۆخی ئێستا و بڵاوبوونەوەی کێشە و ئازارەکانی کۆمەڵگا و هەروەها سەرلێشێواویی خۆی لەم دۆخەدا دەرببڕێت (مرادی و همکاران، ۱۴۰۲). ئەو وتارە کەمتر باسی خوازە و تایبەتمەندییە زمانییەکانی ڕۆمانەکەی کردووە و زیاتر کاری کردووە لەسەر شیکاریی ویژمانی وەکوو لێکدانەوەی ئەو ویژمانانەی بە سەر تاکی کوردا زاڵ بوون.

## ۲-۱- چیرۆک و گێڕانەوەی ڕۆمانەکە

ڕۆمانی *جەمشیدخانی مامم*، زنجیرە ڕووداوێکی سیاسی-کۆمەڵایەتییە کە تێیدا وەگێڕ (سالارخان) وەکوو چاوەری ڕووداوەکان دەردەکەوێت و گێڕانەوەکەی لە پێوەندی لەگەڵ بەسەرهات و ژیانی کارەکتەری سەرەکیی چیرۆکدایە، واتە جەمشیدخان کە سووژەی تەواوی ئەو ڕووداوانەیە؛ بەم پێیە چیرۆک بە دەوری گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتانە ڕێک دەکەوێت کە وەگێڕ وەکوو زمانی نووسەر بۆمان دەخاتە ڕوو. لێرەدا چیرۆک بریتییە لە کۆمەڵێک ئەکت و کردار کە پەیوەستە بەو پێکهاتە مانایی و ئەزموونییەی، نووسەر و بەو پێیە وەگێڕ بۆمان دەگێڕنەوە و هەروەها بریتییە لە کۆمەڵێک ڕووداو کە بەپێی بارودۆخ و دەوری کەسانی دیکەی ناو ڕۆمانەکە دەخوڵقێ. بەم پێیە چیرۆکی ئەو ڕۆمانە تێکەڵێکە لە دونیایەک کە وەکوو ویژمانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەرچاوەی ئەزموون و ڕووداوەکانە (واقعیەت) و دونیایەک کە لە ڕێگەی گێڕانەوە و ڕازە ئەدەبییەکان بۆ وێنە خوازە دەگێڕدرێتەوە (زمان). بەم پێیە وەگێڕ (منی وەگێڕ) هاوکات خاوەن ئەکتیشە (منی گێڕدراوە) و بەو شێوە بەرپرسی گێڕانەوەی ئەو پێکهاتە ئەزموونی و ڕووداوانەیە (احمدی، ۱۳۸۶: ۲۳).

بەپێی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە، جەمشیدخانی مامم بەندکراوێکی سیاسیی کوردە و لەسەر ئەوەی کۆمۆنیست بووە لە تەمەنی هەڤدە ساڵیدا خراوەتە بەندیخانە و بە هۆی ئازار و ئەشکەنجەوە وەها کێشی کەم بووە کە وەکوو لاپەڕەیەکی سووکی لێدێت و شەوێک لە بەندیخانەی کەرکووک «با» دەیبات و دەیهێنێتەوە کوردستان. بنەماڵەکەی لە ترسی دەوڵەتی بەعس بۆ ئاوایی بارانۆک

1. Critical discussion
2. Norman Fairclough

ڕایدەگوێزن و دواتر دوای دەرکردنی فەرمانی لێبوردن، خۆی بە دەستەوە دەدات و دەخرێتە بەرەکانی شەڕی نێوان ئێراق و ئێران. لەوێ پەتێکی درێژی لێ دەبەستن و بە شەودا وەکوو کولارە دەخرێتە ئاسمان و دەکرێتەوە چاوەدێر بۆ سیخوڕی لە ناو خاکی ئێران. دوای ئەوەی پەتەکەی دەپسێت با دەیبات بۆ ئێران و لەوێش لە شەڕدا بە هەمان شێوە بەکاری دێنن و دواتر چەند پیاوچاکێک ڕزگاری دەکەن و دەگەڕێتەوە نیشتمانەکەی. بە دووی ئەوەدا کۆمەڵێک ڕووداو وەکوو بایەکی توند هەر جارێک بەرەو ژیان و وڵات و شوێنێکی دەبەن و جارێک لە ئاسمان خودا دەبینێت و دەبێتە کابرایەکی بەئیمان و جارێکیش لە کافەکان لەگەڵ کچ و ژنان ڕادەبوێرێت. جارێک دەبێتە ڕێنوێن و قاچاخچیی کۆچەرەکان لە یۆنان و جارێکیش دەبێتە کەسێک کە بە هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنە و ژیانی تاکەکەسی خەڵک پارەیان لێ دەستێنێ. لە ئەنجامدا دوای ئەوەی وەکوو مەیموونی باڵدار کرا بە بووکەڵە، سالارخانی وەگێڕ ڕزگاری دەکات و دەیدات بە دەم باوە و لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا بە نامەیەکی جەمشیدخان تێدەگەیین کە لە وڵاتێکی خۆشدا دەژیت و خەریکە کێشی دەگەڕێتەوە و بەتەواوی ئۆقرە و سەقامی گرتووە. وەگێڕ لە ئەنجامدا تێدەگا ئەو جارە خۆیەتی کە خەریکە کێشی دادەبەزێت و لەوانەیە «با» بیبات، پەنا بۆ ژوورەکەی دەبات و دوای ئەوە ڕۆمان وەک بڵێی وەگێڕ خەریکە دەبێتە جەمشیدخان و چاوەڕێیە ئەویش «با» بیبات، کۆتایی دێت.

**٢- بنەمای تیۆری**

هەرچەند باس لە زمان و تایبەتمەندییەکانی زمان بۆ وێنە خوازە، بە درێژایی مێژووی ئەندێشە هەر لە ئەرەستووەوە تا ئێستا، هەمیشە باسێکی سەرەکی بووە، بەڵام لەگەڵ لەکاف و جانسۆن[1]، باسکردن لەم بابەتە گۆڕانێکی سەرەکی بە سەردا هاتووە. تا بەر لە لەکاف و جانسۆن، خوازە بابەتێکی ڕازاندنەوەیی بوو و وەکوو بەشێکی نائاسایی زمان دادەنرا و لە دەرەوەی مانای باودا زیاتر بۆ دەربڕینی مانایاکی هاوشێوە لەگەڵ ئەو شتەی دەبوو گوترابا، بەکار دەهێنرا. بەم پێیە خوازە لە زمان جیا دەکراوە و زیاتر بۆ وەدەستهێنانی کاریگەری تایبەت لە زماندا دەکار دەکرا (هاوکس، ١٣٧٧: ١٣٥). بەڵام دوای ئەندێشەی ئەو دوو بیرمەندە واتە کارەکەی لەکاف و جانسۆن لەسەر تیۆری هاوچەرخی خوازە، ئیدی خوازە شتێکی ناڕاستەقینە لە دەرەوەی زمان نەبوو، بەڵکوو بە پێچەوانەی کلاسیکەکان، پێیان وابوو کە زمان ڕاستەوخۆ خوازەییە. لای ئەو دوو بیرمەندە دەبێت زمانناسی بە شێوەی ناسینی و مەعریفی ڕەچاو بکرێت و تەواوی لایەنە سونەتییەکان بە شێوەیەکی یەکدەست و سیستماتیک هەڵوەشێتەوە (Gibbs and Steen, 1997: 123).

1. Lakoff and Johnson

ئەو هەڵوێستە دژ بە زمانناسی کلاسیک، شۆڕشێکی زمانی لە هەمبەر شێوەی بەکارهێنانی خوازە بوو. لای ئەوان بنیاتنانی دۆخێکی ئەندێشەتەوەر سەبارەت بە چەمکی خوازە کە پێشتر لە تیۆرییە کلاسیکەکاندا باو نەبوو، پێداویستی زمانناسی مۆدێرن بووە. لەکاف و جانسۆن لەسەر ئەو ڕایەن کە لە تیۆرییە کلاسیکەکانی زماندا، خوازە لە زمانی حەقیقی[1] جیا دەکرێتەوە و بیرمەندان پێیان وابوو ئەوەی حەقیقی بێ، خوازەیی نییە. هەرچی زمان زیاتر خۆی لە داوی خوازە دەرباز بکا، بە هەمان ڕادەش ڕاستتر و حەقیقیترە. ئەم ڕوانگە کلاسیکە، خوازە دەبەستێتەوە بە بواری زمان و ئاخافتن و ڕێگە نادا وەکوو بابەتێکی چەمکی و تایبەت بە ئەندێشە ڕەچاو بکرێت. بە شێوەیەک کە لای لەکاف و جانسۆن، خوازە سەرانسەری ژیانی ڕۆژەڤ، بواری ئەندێشە و کردەوەی مرۆڤەکان لە خۆ دەگرێت. بە وتەی ئەوان، خوازەکان نە تەنیا ڕوانگەی هەنووکەیی ئێمە سەبارەت بە ژیان پێکدێنن، بەڵکوو دەتوانن چاوەڕوانییەکانی ئێمە بۆ ژیانی داهاتووشمان دیاری بکەن. بەم شێوەیە دەزگای چەمکی ئێمە کە بریتییە لە پێکهاتەی فامکردن و شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەمان لەگەڵ جیهان و پێوەندیمان لەگەڵ کەسانی دیکە، بەبێ خوازەکان دەستەبەر نابێت. بۆیەش لای ئەم بیرمەندانە بەشێکی زۆری دەزگای چەمکی ڕۆژانەی ئێمە و بەتایبەت چەمکە ئابسترەکان سرووشت و گەوهەری خوازەی پێوە دیارە.

ئەوەی زمانناسی لەکاف و جانسۆن لەسەری داکۆکی دەکەن، ئەوەیە کە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی ڕۆژەڤ پڕە لە خوازە و چەمک و تکنیک کە زمان لەم ڕێگەیەوە دەتوانێت تواناییەکانی خۆی بۆ تێگەیشتن لە جیهان بخاتە گەڕ. بەپێی تیۆری زمانناسی بەشێکی زۆر لە تێگەیشتنی ئێمە لە جیهان، لە ڕێگەی چەمکەکانەوەیە و ئەو چەمکانە و بەتایبەت چەمکە ئابسترە و دەرهەستەکان، کۆمەڵێک ئامرازی خوازەیین. خوازە بەکارهێنانی چەمکێک لە بەستێنێکی زمانی جیاوازە بۆ دەربڕینی چەمکێکی دیکە لە بەستێنێکی زمانی دیکەدا. بەم پێیە خوازە یەکێکە لەو تواناییە زمانناسییانەی کە زمان بەهێز و لێهاتووتر دەکاتەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە لای لەکاف و جانسۆن، خوازە هەم توانایییەکی زمانییە لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە و هەم دیاردەیەکی ناسینی و مەعریفییە[2] (Lakoff and Johnson, 1980: 25). واتە زمانناسان پێیان وایە خوازە تەنیا بەشێک لە زمان نییە، بەڵکوو بەشێکە لە شێوەی بیرکردنەوە و هۆکارهێنانەوە و هەروەها وێنە و ڕوانگەی خەڵک. خوێندنەوە ئەزموونییەکان بۆمان دەردەخەن کە خوازە، هۆکاری گۆڕینی مانای ڕواڵەتی وشە و ڕستەکانە.

1. literal
2. Cognitive linguistics

لەکاف و جانسۆن بە ڕەچاوکردنی زمان وەکوو بەستێنێک بۆ خوازەکان و بە ڕەتکردنەوەی تیۆریی کلاسیکی خوازە، پێیان وایە زمان ئاوێنەی مۆدێلەکانی بیرکردنەوە و تایبەتمەندییەکانی زەینیی مرۆڤە و ئەو کارەش لە ڕێگەی خوازەکانەوە دەکرێت کە بەر لەوەی لە زماندا ساز ببێت، لە زەیندا بەرهەم دێت. کەوابوو ئێمە لە ڕێگەی خوازەکانەوە نە تەنیا قسە دەکەین، بەڵکوو لە جیهانی دەورووبەریشمان تێدەگەین (کوچس، ١٣٩٤: ١٨-١٧). لێرەدایە کە ئەو دوو بیرمەندە بابەتی خوازە یان خوازەی چەمکی دەهێننە بەرباس و پێیان وایە خوازە پرۆسەیەکی ناسینی و زەینییە کە ئەزموونەکانی تاکەکەس لە بەستێنە دیاریکراو و هەستپێکراوەکان بەکار دێنێت و تاک بەهێزتر دەکات، لەوەی کە لە وتە و بابەتەکانی ناو بەستێنە نەناسراو و نادیارەکانیش تێبگات (Lakoff and Johnson, 1980: 124).

کەوابوو لای لەکاف و جانسۆن، خوازە بەشێکە لە سیستەمی چەمکی ئەندێشە و زەینی مرۆڤ و ئامرازێکی بەهێزە بۆ تێگەیشتن و هاوکات ڕێخۆشکەرە بۆ ناسینی جیهانی دەورووبەر لە ڕێگەی چەمکەکانەوە. ئەوەی لێرەدا گرینگە و مانای خوازە لە مانا کلاسیکییەکەی جیاواز دەکات، ئەوەیە کە کانوون و چەقی خوازە لە چەمک دایە نەک لە ناو وشەکاندا؛ هەروەها بنەمای خوازە تەنیا لەسەر هاوشێوەبوونی ڕووتدا نییە، بەڵکوو بەپێی پێوەندی بەستێنە لێکدژەکانی ناو ئەزموونی مرۆڤ و تێگەیشتن لە بابەتە هاوچەشنەکانی ناو ئەو بەستێنانە بەدی دێت. ئەوە بەو مانایەیە کە بەشێکی زۆری سیستەمی چەمکی ئێمە خوازەییە و بریتییە لە چەمکە قووڵ و جێگیرەکان وەکوو کات، ڕووداوەکان، هۆکارەکان، ئەخلاق و زەین.

ئەم ڕوانگەیە هەمان بابەتە کە لەکاف و جانسۆن پێی دەڵێن: «خوازەی چەمکی» و بەم شێوەیە پێیان وایە خوازە لە مانا بەربڵاوەکەیدا بە واتای چەمکسازی، بەستێنێکی ئەزموونییە بەپێی بەستێنێکی دیکە. ئەمە خۆی دوو بەستێنمان بۆ دیاری دەکات: یەکەم ئەو بەستێنە چەمکییە کە ئێمە بۆ تێگەیشتن لە چەمکێکی دیکە ڕستە خوازەییەکانمان لەوێوە دەردەکێشین (بەستێنی دەستپێک یان سەرچاوە[1]) و دووەم ئەو بەستێنە چەمکییە کە دوای ئەو پرۆسەیە لێی تێدەگەین (بەستێنی ئامانج[2]). بەم شێوەیە خوازە «پێوەندی نێوان قەلەمڕەوە هاوچەشنەکانی ناو سیستەمێکی چەمکی»یە و ئەوەی خوازە بەدی دێنێت، وشەکان نین، بەڵکوو پێوەندیی چەمکیی نێوان ئەو دوو بەستێنەیە واتە سەرچاوە و ئامانج. لەکاف و جانسۆن ئەو پێوەندییە، بە دارشتن[3] ناوزەد دەکەن و

1. Source Domain
2. Target Domain
3. Mapping

مەبەستیان ئەو پێوەندییە سیستماتیکییەیە لە نێوان بەستێنە چەمکییەکان. ئەو لێکدانەوەیە پێمان دەڵێت کە خوازەکان چەمکەکانی ڕۆژانەی ئێمە ڕێکدەخەن و ئەو پێکهاتەیەش لە زمانی ئاسایی ئێمە و بەرهەمە فکری و ئەدەبییەکانماندا ڕەنگدانەوەی دەبێت (Lakoff and Johnson, 1980: 46). لەکاف و جانسۆن، خوازە چەمکییەکان بەکۆمەڵێک خوازەی دیکەی وەکوو خوازەی ئاراستەیی[1]، بوونناسانە[2] و پێکهاتەیی[3] دابەش دەکەن و بەم پێیە ئاخێزگەی خوازە بەپێی چەمکسازی قەلەمڕەوی سۆبژێکتیڤ بەپێی قەلەمڕەوێکی سۆبژێکتیڤی دیکە دیاری دەکەن کە هەمان دارِشتنی نێوان قەلەمڕەوەکانە.

## ۳- مێتۆدۆلۆژی

مێتۆدی لێکدانەوەی خوازەیی[4] بە ڕەچاوکردنی ئەو تیۆرییە ڕێکوپێک و کارامەی کە مارک جانسۆن و جۆرج لەکاف دایانناوە و هەروەها بەپێی بنەمای سەرەکیی ئەم بۆچوونە کە «جیهانی دەورووبەر لە ڕێگەی پێوەندی دوو لایەنەی نێوان خوازەکان و ڕاستییەکانی کۆمەڵایەتی دەستەبەر دەبێت» (Lakoff and Johnson, 1980: 156)، دەتوانێت مێتۆدێکی باش و کاریگەردانەر بێت بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانی جەمشیدخانی مامم لەم وتارەدا. خودی لێکدانەوەی خوازەیی دەچێتە خانەی ئەو دەستە لە لێکۆڵینەوەکان کە تایبەتمەندیی بەڵگەییان هەیە و وەکوو جۆرێک لێکۆڵینەوەی بەڵگەییە کە تێیدا خاڵی سەرەکی بۆ باسکردنی خوازەکانن و مەبەستیش لە خوازەکان دیتنەوەی پێوەندیی زمانی-کۆمەڵایەتیی چەمکەکانە وەکوو پێوەندی نێوان دوو قەڵەمڕەو. توێژەران لەم لێکۆڵینەوەدا بۆ خوێندنەوەی بەڵگەکان، لە ڕێگەی ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکانەوە (چ تیۆریک و چ ئەزموونی ژیاو) دەست بە لێکدانەوەی ئەو خوازانە دەکەن کە نووسەر بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و مەبەستدار بۆ تێگەیشتن لە جیهانی خۆی و دەورووبەری بەکاری هێناوە.

لێرەدا خوازەکان لە ڕۆمانی *جەمشیدخانی مامم*دا، کۆمەڵێک تکنیکی ئاسایی و سادە بۆ شاعیرانەکردن و ئەدەبیکردنی زمان نین، بەڵکوو جگە لە ئاستی زمانییەکەی، چوارچێوەیەکی ناسینی و کۆگنیتیڤە کە هەم بەشێکە لە ناسین و هەم ئامرازێکە بۆ تێگەیشتن لە دیاردەکانی دەورووبەر. لە ڕێگەی لێکدانەوەی خوازەکانەوە پێوەندی دوو قەڵەمڕەو دیاری دەکرێت و قەڵەمڕەوی

1. orientational metaphor
2. ontological metaphor
3. structural metaphor
4. Metaphorical analysis

دووەم دەبێتە وێنا و وێنەیەکی جیاواز بۆ نیشـــاندانی قەڵەمڕەوی یەکەم و ئەمە هەمان خوازەی چەمکییە[1] کە بەشـــێکی ســـەرەکییە لە وێنەســـازی ئێمە لەمەڕ خۆمان و جیهانی دەوروبەرمان (هەمان: ٣٠).

لەم وتارەدا زۆرتر لەوەی کە بگەڕێین بە دوای تایبەتمەندییە خوازەییەکان لە ناو زماندا (بە شـێوەی کلاسـیک) دەسـت دەکەین بە خوێندنەوەیەکی زمانی-کۆمەڵایەتی لەمەڕ خوازەکان، واتە هەمان لایەنی چەمکی، تا بەو شێوەیە ڕستەی خوازەیی بکەینە مۆدێلێک بۆ خوێندنەوە. مەبەست لە ڕســتەی خوازەیی ئاماژەدانە بە یەک یان چەند خوازە کە بە یەکەوە پێوەندییان بە بەســتێنێکی تایبەتەوە هەیە و لە شـوێن و کاتە هاوشـێوەکاندا بەکار دەهێنرێن. کۆی ڕسـتە خوازەییەکان دەتوانن مۆدێلێکی خوازەیی[2] بەدی بێنن کە لە ناو بەستێنێکدا بۆ ئاماژە بە کۆمەڵێک دەقی هاوشێوە بەکار دەهێنرێت. کەوابوو لێرەدا یەکەی خوێندنەوە هەمان مۆدێلی خوازەییە کە لە کۆی ڕستە خوازەییەکان پێکدێت و بنەمایەکە بۆ ڕوانگەی ناســـینی خوازە و هاوکاتیش ئامرازێکی فیکرییە بۆ دیتنەوەی لایەنە هاوشێوەکانی نێوان «بەستێنی چەمکیی دەستپێک» و «بەستێنی چەمکیی ئامانج».

بەپێی ئەو مێتۆدە بۆ خوێنـدنەوەی ڕۆمـانی *جەمشـــیدخـانی مـامم*، دەتوانین لە ڕێگەی لێکدانەوەی خوازەی «با» و ئەو ڕستە و مۆدێلە خوازەییانەوە، پێوەندی نێوان دوو چەمکی گێڕانەوە (لایەنی زمانی) و بارودۆخی سیاسی-ئایدیالۆژیکی (لایەنی کۆمەڵایەتی) لێکبدەینەوە. بۆ ئەو مەبەسـتە کۆمەڵێک پاژ، وێنەسـازی، ڕووداو و دەسـتەوشـە لەم ڕۆمانەدا هەن کە دەکرێت وەکوو سەرچاوەیەک بێت بۆ دیتنەوەی مانای زمانی-کۆمەڵایەتیی خوازەکان و بەتایبەت «با». دەیتاکان لێرەدا زیـاتر بـابەتەکـان و پـاڕاگرافەکـانن کە دەکرێت پێوەنـدیی نێوان خوازەی «بـا» لە مـانـا جیاوازەکاندا لە ناو دڵی ئەو ڕسـتە و پاژانەدا لێکبدرێتەوە. گشـتییەتی ئەو مانایانە هەم دەتوانێت ڕێخۆشـکەر بێت بۆ دانانی چەمکە جیاوازەکان لەمەڕ «با» بۆ وێنە «بای سـرووشـت»، یان «بای جەنگ» و ... و هەم هۆکارێک بێت بۆ گرێدانی ئەو خوازانە بە ژیانی سـیاسـی و کۆمەڵایەتی خەڵک و بەتایبەت جەمشیدخانەوە.

## ٤- لێکدانەوەی خوازەی «با»

لە مێژووی زارەکی و نووســـراودا یەکێک لەو خوازانەی کە زۆر ئاماژەی پێ کراوە، چەمکی «با»یە. ئەو وشـەیە وەکوو هێمایەک لە سرووشـت، نیشـانەی خێرایی، پێشبێنیهەڵنەگری، توانایی

1. Conceptual Metaphors
2. Metaphorical Pattern

و هێزی خودایان و ... لە ناو فولکلۆر و ئەدەبیات و کتێبە ئاسمانییەکاندا بەکار هێنراوە. «با» وەکوو هێمایەک لە بوون، نادیاری، بێڕەنگ‌بوون، بێ‌سەرەوبەرەیی، دەسەڵات، گرژی و ... ڕەچاو کراوە. جگە لەوانە «با» نیشانەیەکە بۆ نەخۆشی، هێزە نادیارەکان، بێهوودەیی، بەکارنەهاتوویی، بۆچوونە بێ‌بنەماکان و ...(Li, 2024: 314). جگە لە شوێنپێی «با» لە نێو ئوستوورە، فولکلۆر و ئاییندا، خوازەی «با» لە سەردەمی مۆدێرنیشدا لە ناو ڕۆماندا کاردانەوەی بووە؛ بۆ وێنە لە *بەرزاییەکانی بەرەبا*[1] کە ئێمێلی برۆنتێ[2] لە ساڵی ۱۸۴۷دا نوسیویەتی، «با» بە شێوەی هێمایی شتێکی بەهێز و بەدەسەڵات بەکارهێنراوە و دەکرێت وەکوو خوازەییێک بێت بۆ بارودۆخی دەروونی، پلەی کۆمەڵایەتی و چارەنووسی قارەمانی چیرۆک و هێمایەک بێت بۆ ژیانی پڕ لە شۆڕش و هەڵوێستی هیسکلیف (Zhou, 2023: 12). لە ڕۆمانەکەی کاترین مانسفیلد[3] بەناوی *با دێت* (۱۹۲۰) چەمکی «با» بەتایبەت وەکوو دیاردەیەکی پێش‌بینی‌نەکراو و مەترسیهێنەر ڕەچاو کراوە کە ڕێگەمان لێ دەگرێت و دەمانبەستێتەوە بە ژوورەکەمانەوە. کاتێک دەڵێت: «ئەو دەمەی لە دەرەوە «با» دەهات، دەنگی با ماتیلدای لە خەو هەستاند و دڵە میرمنداڵەکەی ڕاچڵەکاند. بە هۆی ئەو «با»یە، نەیتوانی بچێت بۆ وانەی مووسیقاکەی کە لەگەڵ بەڕێز بولین هەیبوو. ئەو «با»یە ناچاری کرد دانیشێت بەلای تانە و تەشەری پڕ لە ئازاری دایک و دایەگەورەیەوە» (Xi & Yu-Ying, 2015: 538). لە ڕۆمانی *کیمیاگەر*[4]ی پائۆلۆ کۆئیلۆشدا[5] (۱۹۸۸)، سانتیاگۆ کە شوانێکی گەنجە، هەوڵ دەدات بۆ دۆزینەوەی خەزێنە و هاوکات زمانی ڕاستەقینەی جیهان کە خۆشەویستییە، ڕێگەی میسر بگرێتەبەر. کاتێک خێڵێکی شەڕەنگیز هێرش دەکەنە سەر سانتیاگۆ، خۆی دەکات بە با و هاوڕێیانی دەرباز دەکات (کوئیلو، ۱۳۹۷).

لە ڕۆمانەکەی *جەمشیدخانی مامم*دا، با زۆرتر لەوەیکە هێزێکی متافیزیکی و جۆرێک شێوازی دەروونی بێت، بە شێوەی ڕیالیستی جادوویی وەکوو پێوەندییەکی ئایدیالۆژیکی و سیاسی ڕەچاو کراوە کە لە پێوەندی لەگەڵ جەستەی جەمشیدخان مانادار دەبێت. ئەو خوازە کاتێک مانادار دەبێت کە دەبینین جەستەی جەمشیدخان بە هۆی ئەشکەنجەوە کێشی نەماوە و وەکوو لاپەڕەیەکی سووک با دەیبات. بەختیار عەلی بۆ دیاریکردنی ئەو بەسەرهاتە وەکوو شتێکی ڕاستەقینە، دەست دەکات بە فاکتهێنانەوە بۆ سەلماندنی ئەو لاوازییە. بەپێی لێکدانەوەی لەکاف

1. Wuthering Heights
2. Emily Jane Brontë
3. Katherine Mansfield
4. The Alchemist
5. Paulo Coelho

و جانسـۆنیش لەمەڕ خوازە وەکوو کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی ناسـینی و مەعریفی کە لەو ڕێگەوە قەلەمڕەوێکی ئەزموونی (ژیانی سـیاسـی و کۆمەڵایەتیی خەڵک) بە شـێوەیەکی تا ڕادەیەک هاوتا لەسەر قەلەمڕەوێکی دیکە (ژیانی جەمشیدخان) دادەبەزێت (بارسلونا، ١٣٩٠: ١٠)، دەتوانین تێگەیشتنی قەلەمڕەوی دووهەم تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕێگەی قەڵەمڕەوی یەکەمەوە ڕەچاو بکەین.

وەک دەڵێن جەمشید بە خۆگرییەکی گەورە و پاڵەوانێتییەکی بێوێنەوە، بەرگەی ئەشکەنجەی زیندانەکانی گرتووە، ئازایەتی جەمشـید و هیچ نەدرکاندنی وەها ئەفسـانەیی بوون، کارێک دەکەن جەلادەکـان دەرهەقی هونەر بنوێنن و جـار دوای جـار شـــێوازی تـازەتر و تونـدتر لە ئازاردانیدا بگرنەبەر... پێدەچێت هۆی سەرەکی لاوازبوونی جەمشیدخان و لە دەستدانی کێشی خۆی بگەڕێتەوە بۆ ئەو ماوە دوورودرێژەی ئەشـکەنجە و برسـێتی کە لە زیندانە جیاوازەکاندا چەشتویێتی (عەلی، ٢٠١٠: ٣).

دوای ئەو فاکتە، خوێنەر بەو قەناعەتە دەگا کە «با»بردن و هەڵفڕینی جەمشـیدخان بۆ ئاسـمان، بە شـــێوەیەکی ناســـینی و مەعریفی زیاتر لەوەی کە گاڵتە بێت، تراژیکە. بەم جۆرە با دەبێتە خوازەیێک کە تەنیا لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی چەمکێکی دیکە، واتە بەتاڵکردنی تاک لە خۆی مانادار دەبێت. دۆخی جەمشـــیدخان کە لە پێوەندی لەگەڵ چەمکی بێکەشـــبوون مانادار کراوە، مەبەستێکی چەمکی لە پشتە وەکوو بەتاڵبوونی مرۆڤ لە توانابیە مرۆڤییەکان بۆ وێنە سەقامگیری، ئەندێشە، شوناس و هەر چییەکە کە دەتوانێت تاک گرێ بدات بە *ڕابردوو بە واتای ئەزموون* و *داهاتوو بە واتای هیوا*. دوای هەر بەربوونەوەیەک جەمشـیدخان لە ڕابردوو و داهاتوو (ئەزموون و هیوا) بەتاڵ دەبێت و ئەوەی بۆی دەمێنێتەوە *ئێستایە* وەکوو شێوە ژیانێکی بێشوناس و بابردوو.

با هەرکات جەمشـیدخان هەڵدەگرێ و دەیبا، تووشـی شـوناس و شێوەڕوانینێکی جیاوازی دەکا و لەگەڵ هەر بەر بوونەوەیەک هەموو شـتێکی لە بیر دەچێتەوە و تەنیا شـتێک کە لە بیری دەمێنی ئەوەیە کە کوردە و هیچی دیکە. چونکە هەر لە ئاســمان بەربووەوە، هەموو یادەوەری دەسڕێتەوە و لەوسەری زەمینیشەوە بێت خۆی لە بیر دەکات و جگە لە نیشتمان هیچی تری لە بیر نامێنێت (عەلی، هەمان: ١٤٦).

کاتێک باس لە خوازەی «با» دەکرێت، ڕووداوەکانی ناو بەندیخانەکان، شـــەڕی نێوان ئێران و ئێراق، هەڵسوکەوتی پەنابەران و ...، ئیدی ئەو شتانە نین کە دەقاودەق لە جیهانی دەرەوە دەبینرێت، بەڵکوو نووسەر لە ڕێگەی بنیاتنانی ئەم چیرۆکە، خەریکە شێوەیەک لە گێڕانەوە ڕێکدەخات کە ئەگەرچی لە جیهانی راستەقینەدا هاوتای نییە، بەڵام نووسەر لە ڕێگەی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆی[1] خەیاڵ تێدەکۆشێت پێمان بڵێی ئەوە واقعیەتێکە کە لە نێو جیهانی ڕۆماندا بەدیهاتووە. ئەمە هەمان

1. Direct reported speech

پرسپێکتیڤە کە ژەنێت پێی «تکنیکێکە کەوا نووسەر لەو ڕێگەوە سەرقاڵە بە ڕێکخستنی زانیارییە گێڕانەوەییەکان و تێدەکۆشێت وردەکاریی کەمتر یان زیاتر بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئاراستەی خوێنەران بکات» (ایگلتون، ۱۳۸۸: ۱۴۷). لە سەرانسەری ئەو ڕۆمانەدا نووسەر خوازەی «با» بەردەوام پێوەندییەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی زمانی و گوتاری بەسەرهاتی جەمشیدخان دەهێنێتە بەر باس و هەوڵیداوە خوازە و خوازە چەمکییەکان لە ژێر نێوی *بای سرووشت، بای جەنگ، بای خۆشەویستی، بای خوناسی، بای سەفەر، بای سایبری و بای مڵکێتی* لە پێوەندی لەگەڵ بابەتی سیاسیدا دەستنیشان بکات.

**۱-۴- بای سرووشت**

کاتێک خوێنەری ڕۆمان لە پێوەندی لەگەڵ هەڵفڕین و نیشتنەوەی جەمشیدخان، پێوەندیی سەرێ و خوارێ وەکوو سووچەکانی جێی باسی لەکاف و جانسۆن لە باسی خوازەی ئاراستەیی ڕەچاو دەکات، لە ڕاستیدا جەمشیدخان لە دوو دۆخی جیاوازدا دەبینێتەوە. یەکەم وەکوو باڵندەیەک (ئەوەی جەمشیدخان دەیەوێت) و دووەم تراژێدیای نامرۆڤبوون (ئەوەی سالارخان دەیبینێت). لەکاف و جانسۆن باس لەوە دەکەن کە پێکهاتەی چەمکەکانی تایبەت بە شوێن لای ئێمە دەسکەوتی ئەزموونە جێگیر و هەمیشەییەکانی ئێمەیە لەمەڕ شوێن، واتە دەسکەوتی پێوەندیی ئێمەیە و ژینگەی فیزیکیمان (Lakoff and Johnson, Ibid: 108). ئەو دوو ئەزموونە، ئەزموونی جەمشیدخان و ئەزموونی سالارخان، لە ڕاستیدا دوو کانوونمان پێ دەدا، جەمشیدخان وەکوو ئەکتەرێک کە کرداری هەڵفڕین بە سەریدا داسەپاوە و کانونی سالارخان-نووسەر کە ڕامانەکێشێت بۆ تێگەیشتن لە ژیانی جەمشیدخان وەکوو چارەنووسێکی تراژیک. بای سرووشت سەرەتای ئەو دوو ئەزموون و شێوە ڕوانینەیە کە خوێنەر بۆ نێو گێڕانەوەیەکی کۆمێدی-تراژیک ڕادەکێشێت.

> لە ساتەکانی فڕیندا بیرۆکەیەک پەڕیبووە خەیاڵی و دەیویست تیورییەکی دژ دابڕێژێت و بیسەلمێنێت کە مرۆڤ لە باڵندەوە گەشەی کردووە نەوەک لە مەیمونەوە. هەتا چەند شەوێک من و ئەو لە گۆڕستانی بارانۆک بە دزییەوە هەندێک گۆڕی کۆنمان هەڵدایەوە و ئێسکەکانیمان دزی تا جەمشید بە ئێسکی ئەو باڵندانە بەراوردیان بکات کە بە ڕۆژ دوای نانخواردن لەسەر سفرەکە جێدەمان (عەلی، هەمان: ۱۹).

نووسەر لە ڕێگەی گێڕانەوەی باسی گۆڕینەوەی نامەی جەمشیدخان لەگەڵ هەندێک مامۆستای بایۆلۆژی و لەگەڵ ئەوەش دوای باسکردن لەو تیۆرییانە، دوو قەڵەمڕەو لە سیستەمی چەمکیدا دەخاتە بەر باس واتە وەکوو خوازەییێک لە پێوەندیی نێوان «تیۆری داروین و دەزگای زانست» و شوبهاندنی بە «تیۆری جەمشیدخان و بەردەنگەکانی». بەم پێیە هاتنی بای سرووشت،

لە ڕاستیدا کایەکردن بەو وشە و دەستەوشانەیە کە بە شێوەی زانستی دەمانبەستێتەوە بە ڕووداوێکی مێژوویی، واتە تیۆریی داروینەوە. لێرەدایە کە خوازەی بای سرووشت، وروژاندنی زەینی ئێمەیە بۆ دروستکردنی پێوەندییەک کە لە درێژەی ئەو پێوەندییەدا، بابەت، تایبەتمەندی و پێوەندیی نێوان ئەو دوو بەستێنە ئاڵوگۆڕی پێ دەکرێت (Lakoff, 1993: 186).

## ٢-٤- بای جەنگ

یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی کە خوازە لە پێوەندی لەگەڵ واقعیەت یان ڕووداوێکی مێژوویی-ئەزموونی دەستەبەری دەکات، چەمکسازیی دووبارەیە کە ئەو دەرفەتە دەدات لە ڕێگەی دەستەوشەی نائاشنا و نائاسایی، دەست بدەینە ئەزموونکردنێکی جیاواز لەمەڕ ئەزموونە پێشووترەکان (شهری، ١٣٩١: ٦٣). ئەو کارە بە شێوەیەک ڕێگە دەکاتەوە بۆ شاردنەوە یان لەقاودان و درکاندنی ئایدیالۆژییەکان و ڕاستییەکانی ڕووداو و دیاردەکان. کاتێک بەختیار عەلی لەم ڕۆمانەدا سەرقاڵ بە گێڕانەوەی جەنگە، بە وریاییەوە هەوڵدەدا بابەتەکە ڕەوتێکی ئایدیالۆژیکی لە خۆ نەگرێ؛ هەر بۆیەش وێنەیەک کە نووسەر لە شەڕی نێوان ئێران و ئێراق، دەیخاتە بەردەست، بەم شێوەیە کە شەڕ لای بەعسییەکان وەکوو دەزگایەکی سەرکوت و کوشتارە کە دەیهەوێ بە باشترین و باڵاترین دەسکەوتەکان کە هەمان کووشتنە بگات:

> جەنگ لە هەفتەی یەکەمەوە ڕوویەکی وەها ترسناک و تاریکی هەبوو، وایدەکرد ئەو پزیشکانەی لە لیژنەی پشکنیندا دادوەرن، بە لێشاو خەڵکانی پەککەوتە، بێدەست و قاچ، نیوەکوێر و شێت بخەنە سوپاوە. ئەو دروشمەی پزیشکە بەعسییەکان لەو دەمەدا کاریان پێ دەکرد، ئەوە بوو "ئەگەر ساغین یان نەخۆش، لە جەنگدا دەبێت هەموو جەنگاوەربین و خزمەت بە سەرۆک بکەین (هەمان: ٢٤).

لە بەرامبەر ئەو وێنەیە لە شەڕ لای بەعسییەکان، نووسەر دامودەزگای شەڕ لە ئێران گرێ دەدات بە پارادایمێکی ئایینییەوە کە ئێم جی فیشێر ناوی ناوە پاڕادایمی کەربەلا (Fischer, 1980). لەم پاڕدایمەدا بای جەنگ جەمشیدخان دەباتە خاکی ئێران و لەوێ وەکوو کەسێکی ئایینی کەڵکی لێ وەردەگیرێت. لێرەدایە کە پێوەندیی نێوان شەڕی ئێران و ئێراق و پاڕادایمی کەربەلا و ئایدیالۆژی ئایینی ئێران وەکوو خوازەیێک مانای شەڕ و با دەگۆڕێت:

> ئێرانییەکان هەمان یارییان بە مامە جەمشیدم کرد کە ئێراقییەکان کردیان، نەوەک هەر ئەوە، بەڵکو زۆر جار جلی ئیمامەتیشیان لەبەر دەکرد و لەسەر هێزەکانی خۆیان بەرزیاندەکردەوە (عەلی، هەمان: ٤٤).

### ۳-۴- بای خۆشەویستی

کاتێک لەکاف و جانسۆن باس لە چەمکە دەرهەستەکانی وەکوو خۆشەویستی دەکەن، ئاماژە بە خوازە بوونناسییەکان دەکەن و پێیان وایە ئەمانە شێوەیەکن لە دیتنی چەمکە ناهەستیارەکان بە جۆرێک کە گەوهەر یان بوونێک بۆ ئێمە دەستەبەر بکەن. لە ڕۆمانی *جەمشیدخانی مامم*دا، خۆشەویستی یەک لەو خوازە بوونناسانەیە کە لە پڕدا ژیان و مەیلی کارەکتەری سەرەکی بەرەو بنیاتنانی ژیانێکی ئاسوودە وەکوو خەڵکی ئاسایی دەبات. تا ئەو خوازە نەهاتبووە ئاراوە، خوێنەر ڕەنگە لە قووڵایی تراژیکی ژیانی جەمشیدخان و تەوژمی «با» و جەستەی بێ‌کێشی ئەو تێنەگەیشتبا. جەمشیدخان بەردەوام هۆکار دێنێتەوە بۆ سەلماندنی ئەو ژیانەی کە خۆشەویستی ڕەنگە دابینی بکات. جەمشیدخان دەڵێت «ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئاراستەیەکی نوێ بدات بە زیندەگی و کاتی خۆی بۆ گوێگرتن لە ژنان تەرخان بکات، کە تاکە مەخلوقاتی دونیان» (عەلی: ۶۱).

خۆشەویستی سافینازی سدیق پاشا، ڕاکێشانی کارەکتەرە بۆ ئەکتێکی تازە لە پێوەندی لەگەڵ جەمشیدخان کە لەبەر دەمی کانوونی گێڕانەوەی ناوەکی واتە سالارخاندا، وەکوو نموونەی خیانەت و نامرۆڤی پێناسە دەکرێ. ئەو کانوونە ڕاماندەکێشێت بۆ ئەوەی ئەو خیانەتە بە هەند وەربگرین و لە ڕێگەی گێڕانەوەی سالارخان تێدەگەیین سافیناز نەتەنیا بەکاری خۆشەویستی نایەت و ناتوانێت ئۆبژەیەکی باش بێت بۆ مەیلی جەمشیدخان، بەڵکوو نموونەی ئەو کەسەیە کە هیواکان و ماڵ و حاڵی بە تالان دەبات و وەگێڕ پێمان دەڵێت ئەو ئێستاکە لە کانادا دەژیت. هێنانەوەی ئەو فاکتە ڕایدەگەیەنێت کە بای خۆشەویستیش جۆرێک خوازەیە کە وەکوو «با»کانی دیکە، ژیانی جەمشیدخان لەوەیکە هەیە بەتاڵتر دەکاتەوە و جێگەیەک بۆ پشوودان و حەسانەوەی جەمشیدخان دەستەبەر ناکات.

### ۴-۴- بای خواناسی

مەیلی خۆ بەخودا زانین یان دیتنی خودا، جۆرێک نزیکبوونەوەیە لە خوازراوی مەیلەکەی (خودا و ئەویدیی گەورە) بۆ ڕێکخستنی دەسەڵات و داسەپاندنی مەیلی جەمشیدخان کە ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خولیا بەرز و بەڕێزەی کە مرۆڤ هەمیشە لە زەینیدا بووە. مەیلی دیتنی خودا وەکوو سەرەکیترین موعجیزەی پێغەمبەران (سەرچاوەی ڕاستەقینەی خوازە) و دیتنی خودا لە لایەن جەمشیدخانەوە (سەرچاوەی چەمکی-وێکچوویی خوازە) وای کردووە کە خوازە یان خوازەی دیتنی خودا بە مانای دەسەڵاتداری و بەرحەقبوون، لە دڵی پێشینەیەکی کولتووری-ئایدیالۆژیکی کۆمەڵگە، بۆ دروستکردنی خوازە و خوازەیێکی چەمکی هەڵێنجێنرێت (شەهری، هەمان: ۶۲)، بە شێوەیەک کە بکرێت وەگێڕ تێیدا دەور بگێڕێ.

من کێشــی تۆم وەها ســووک کردووە تا وەک موعجیزەیەک پیشــانی موســڵمانانی بدەیت و ببینن خودا ئیرادەی لەســــەر هەر چییەک بێت دەیکات؛ بڕۆ و بە ئیمانداران بڵێ کە تۆ یەزدانی گەورەت بینیوە و پێی گوتوویت بفڕە تا خەڵک بە چاوی خۆیان توانا و گەورەیی خالیق ببینن (عەلی: ٨٢).

بەشێکی ئەو خوداناسییە بە زمانێکی گاڵتەجار و کۆمیک دەمانبات بەرەوە بەرژەوندیی مەلا قاسمی مامۆستای مزگەوتی دووگومەز کە جەمشیدخان ناچار دەکات لەسەر چۆنێتی و چییەتی بەکارهێنانی شــــتومەک و تەنانەت عەتریش، پەنا بەرێ بۆ وتەکانی ئەو کە لە زمانی جەمشیدخانەوە بڵاو دەبووەوە:

بۆ نموونە عەترێک هەیە کە نابێ لێی بدەن چون بۆ ئیمان خراپە و دەبێ عەترێکی دیکە لێ بدەن کە ئیمان بەهێز دەکات و ئەمەش بەهۆی ئەو بەرتیلە بوو کە بازرگانێک دابووی بە مەلا کە بازاڕی خۆی گەرم بکات و خێری عەترفرۆشەکانی دی بشکێنێت (عەلی: ٨٨).

خوازەی بای خوداناسیش تەنیا ڕاگواستنی مەیل-ڕووداوێکی ئایینییە لە جیهانی ڕاستییەوە بەرەو خولیاکانی جەمشــیدخان لە ناو ئەو ڕۆمانەدا. مەیلێک کە وا دەکات جەمشــیدخان وەکوو پێغەمبەرێک دەرکەوێت کە بەردەوام دەچێتە دیداری خودا، کەچی ئەو «با»یە هیچکات نابێتە هۆکارێک بۆ ئەو دیدارە و لە ئەنجامدا نابێتە پلەیەکیش بۆ نیشتنەوەی جەمشیدخان.

**٥-٤- بای سەفەر**

ســـەفەر لێرەدا یەکێک لە ســـەرەکیترین خوازەکانە کە بەتایبەت بۆ خەڵکی کورد هێمایەکە لە بەجێهێشتنی نیشتمان و ئاوارەبوون و لە مێژووی سیاسی-کۆمەڵایەتیی هاوچەرخیشدا ڕەنگدانەوەی زۆری بووە. ســەفەر لە ڕاســتیدا نمونەیەکە لەو خوازە زمانی-کۆمەڵایەتییەی کە جەمشــیدخان و بەگشــتی ڕۆمان تێیدا ســەرگەردانە. جەمشــیدخان کەرەتێک بە هەڵفڕین لەم نیشــتمانە، لە زەوی دابڕاوە و ئێستاش دوای «با»ی خوداناسی، بەناچار پەنای بۆ هێناوەتەوە. «با»ی سەفەر خوازەییێکە لەمەڕ بەجێهێشــتنی نیشــتمانێک کە هەرچەند جار با دەیهێنێتەوە بۆ ئەوێ. ئەو «با»یە زیاتر لە «با»کانی دیکە لە لایەن جەمشــیدخانەوە ئامێزی بۆ دەکرێتەوە و هۆیەکەشــی ئەوەیە کە بە وتەی خۆی «تا لە سنووری ئەو وڵاتەدا بین، ناتوانین بیربکەینەوە، هەواکەی بە عەقڵ ناکەوێت، دڵنیام لەو دیو سنوور ئیلهامی زیاترمان بۆ دێت» (عەلی: ٩٤).

بای سەفەر هێمایەکە لە هەستێکی تاکەکەسی بۆ ڕزگاری. نووسەر بە شێوەی ئازادانە ئایین و ئوستوورەکان دەگۆڕێت بۆ ئەوەی ئەو بایە پاساو بداتەوە: «باوە ئادەمیش لە بەهەشت دەرنەکراوە، بەڵکوو هەستی بە بێزاری کردووە و ویستویەتی سەفەر بکات» (عەلی: ١٠٢). جەمشــیدخان بەو

باوەڕە کە «پەناهەندەکان نەتەوەیەکی تازەن لەسەر زەوی» (عەلی: ۱۰۸)، وێنەیەک لە سەفەر لە لای ساز دەبێت و تێیدا چارەنووسی پەنابەران و چارەنووسی خۆی و تەواوی مرۆڤی سەردەم لێک گرێ دەدات. ئەو باش دەزانێت کە ئەو نەتەوە نوێیە هەمان نەتەوەی بێدالـدە و بێپەنایە کە «کۆمەڵێک مرۆڤی بەدبەختن کە هەموو پێکڕا بەرەو نادیار هەڵدێن» (عەلی: ۱۰۸). سەفەری نادیار، تاک لە نێوان دوو جەمسەری ژیانی ئێستای پڕ لە نەهامەتی و ژیانی داهاتوویەکی نادیاردا قەتیسماو دەهێڵێتەوە و بەم شێوەیە بەکارهێنانی سەفەر وەکوو هاوتای بەختەوەریش، ناتوانێت ئاکامێکی باشی هەبێت، چونکە سەفەر لەم خوازە چەمکییەشدا، جۆرێک هەڵاتنە لە بەندیخانە و دووبارە گەڕاندنەوەیە بۆ ئەوێ، وەکوو چارەنووسێکی بازنەیی بۆ ئەو خەڵکە و بەتایبەت جەمشیدخان.

**۶-۴- بای سایبری**

گەڕانەوە لە سەفەر هاوکاتە لەگەڵ هاتنی تکنۆلۆژییەکانی سایبری و پەرەسەندنی کاروباری هەواڵنێری و ئاژانسە نهێنییەکان وەکوو ڕێکخراوەی کۆمەڵایەتی-بازرگانیی نوێ کە ئەمجار «با»ی ئەمانە جەمشیدخان لەگەڵ خۆی دەبات. دامەزراندنی ئاژانسێکی نهێنی و تایبەتی، شێوازی فڕینی جەمشیدخان دەگۆڕێت بە جۆرێک کە «لەم جیهانی سایبرییەدا ئیدی پێویستی بە فڕین بە ناو ئاسمانەکاندا نییە، چونکە تاکە شتێک کە لە فڕین سیحراویترە، ئەو جیهانەیە» (عەلی: ۱۲۴). ئەو جیهانە ئیدی ناتبەستێتەوە بە یەک ناو و یەک شوناس و بەگشتی جیهانی ژیانەوە و دووبارەبوونەوەیە. ئەم جیهانە نوێیە کە «با»یەکەی هەڵی کردووە و زۆرینەی خەڵک پێوەی هەڵفڕیون، شێوازێکە لە جیهانێک کە مرۆڤەکان دەتوانن تێیدا ئۆقرە بگرن و بە شاراوەیی و بەبێ ئەوەی سر و نهێنییەکانیان بدرکێت، تێیدا بەختەوەرانە بژین. لێرەدا لە نێوان ژیانی سایبری و ئۆتۆپیادا، هاوچەشنییەکی خوازەی دەبینین و هەر ئەمەشە کە جەمشیدخان وا لێ دەکات پێی وابێت ئەمە هەمان جیهانە کە لێی دەگەڕا:

> لە هەندێک ماڵپەڕدا بە ناوێک دادەبەزییە سەر نووسەرێک و بە خەیاڵی خۆی چی تۆمەتێک دزێو بایە بۆی دروست دەکرد، هەر خۆی و بە ناوێکی ترەوە لە ماڵپەڕێکی دیدا بەرگرییەکی توندی لەو نووسەرە دەکرد و دەیگووت "گەورەترین قەڵەمی ئەو سەردەمەیە و دادەبەزییە سەر نووسەری پێشوو کە هەر خۆی بوو. لە ژوورەکانی چاتدا بە چەندین ناو و بە چەندین دەنگی جیاواز شەڕی دەنایەوە، شەوێک وەک دینییەک و شەوێک وەک چەپێکی توندڕەو و شەوێک وەک ناسیونالیستێکی کوردی توندڕەو قسەی دەکرد (عەلی: ۱۲۵-۱۲۴).

### ٧-٤- بای ملکێتی

ڕەنگە دوایین بەش و تراژیکترین «با»یەک کە جەمشیدخان و کوردی هاوچەرخ دەگرێتەوە ئەو «با»یە بێت. ئەوەی کە جەمشیدخان لە ناو ملکی بەرپرسێکی سیاسی بە ناوی شاسواربەگی هیجری بەردەبێتەوە و چون «هەموو شوێنێکی ئەو وڵاتە کراوەتە مولکی مەسئولێک» (عەلی: ١٣٥)، جەمشیدخانیش دەبێتە بەشێک لە داراییەکانی بەرپرسان. ئەو «با»ی ملکێتییە، هەمان پێوەندییە کە دەقی ڕۆمان دەبەستێتەوە بە شێوەیەکی سیاسی-ئابووریی لە ژیان. لێرەدا ژیان بەگشتی دەبێتە بەشێک لە کاڵا و دەسکەوتی دەسەڵات کە تێیدا تاکەکان و لەم ناوەشدا «جەمشیدخان دەبێتە گاڵتەجار و لیبوکی گەورەی هەموو حوکمدارانی وڵات» (عەلی: ١٣٨) و دواتریش ناو سیرکی تورکەکان. ملکێتی جەمشیدخان خوازەیێکە کە دەمانباتەوە سەر ئەو بەستێنە خوازەییە کە نموونەیەکە لە تاڵانکردنی کوردستان لە لایەن بەرپرسانەوە.

خوازەی «با»ی ملکێتی بە شێوەیەکی تراژیک، هەرچەند مەبەستە سیاسییەکانی دەشارێتەوە و ناهێڵێ زۆر ڕوون و بەردەست بن، بەڵام شێوازێکە لە دەربڕینی ئەو واقعیەتە کۆمەڵایەتییە-سیاسییەی کە ژیانی کوردی هاوچەرخ و جەمشیدخانی بە ناسەقامگرتوویی هێشتووەتەوە. ئەو داگیرکردنە، تاک بە واتەی سووژەی پێکەنین و چەوساندنەوە و تەنانەت بەئاژەڵکردن بەرهەم دێنێتەوە، کە لێرەدا جەمشیدخان وەکوو نموونەیەک دەخاتە بەرچاو کە کەسایەتییەکەی تا ئاستی مەیموونە باڵدارەکە یان مەیموونە بەرزەفڕەکەی نیشتمان دابەزیوە. «تەنانەت لەزگەیەکی ئەستووریش لە دەمی دەدرێ کە زاری نەجووڵێنێت و دەرپێیەکی ئەسبێستی قوفڵداری بۆ کرد کە ئیدی میز نەکا بە سەر میوانەکاندا» (عەلی، هەمان: ١۴۴).

ئەم دوایین «با»یە، تەواوی ئازادییەکان لە جەمشیدخان دەستێنێت و تەنانەت ئیدی ئەو توانایییەشی لێ زەوت دەکرێت کە بە ئاسانی بتوانێت لای خۆی گرێی پەتەکەی لە ئاسمان بکاتەوە و خۆی بدا بە دەم «با»وە. وەکوو کەلوپەل لە قوماردا مامەڵەی پێ دەکرێت و دواتر وەکوو کاڵایەک دەفرۆشرێت و دەبێتە لیبوک بۆ ناو سیرکەکان. کاتێک سالارخان دەیبینێتەوە، ئازارەکانی ئەو سووژە داگیرکراوە بەتەواوی پێکهاتەی کۆمێدی خۆی وەلا دەنێت و ڕاستەوخۆ دەبێتە زمانێکی تراژیک:

> سالار خان! سەیرمکە برازا ئازیزەکەم، ژیان چۆن دەمهێنێت و دەمبات...هەر بە ڕاستی بووم بە پووی دەم با... من مانگێکە بەردەوام خەونت پێوە دەبینم، لێرە ڕزگارم بکە، من بووم بە گاڵتەجار، بووم بە سینەمای مەملەکەت، نە ئابڕوو، نە کەرامەتم نەماوە، هەڵمگرە و بالێرە بڕۆین (عەلی: ١۴٥).

بەکارهێنانی مەیموون وەکوو بوونەوەرێک لە خۆیدا کاتێک دەبەستریتەوە بە کەسایەتی جەمشیدخانەوە، دەبێتە خوازەیەک کە تێیدا چەمکی ملکێتی و دەستەمۆبوون و بەئاژەڵکردن لەگەڵ کەسایەتی جەمشیدخان و خەڵکی کوردستان بە گشتی، هاوچەشنییەکییان دەبێت و دەتوانێت نموونەیەکی زمانی-کۆمەڵایەتی بێت لە داگیرکردنی سامان و داهاتەکانی کوردستان کە ئەنجامەکەی بۆ خەڵک چ نەبووە جگە لە ناسەقامگرتوویی و بێدەرەتانی.

**۵- ئەنجام**

ڕۆمانی *جەمشیدخانی مامم* لە ڕاستیدا گێڕانەوەی چارەنووسی مرۆڤی هاوچەرخی کوردە بە شێوەیەکی زمانی-کۆمەڵایەتی کە تێیدا «با»یەکانی ژیان و دەسەڵات ڕێگە لە سەقامگرتووی ئەو دەگرن. ئەو گێڕانەوەیە بە شێوەیەکی ڕیالیستی جادوویی هەوڵێکە بۆ نیشاندانی بەشێک لەو «با»یانەی کە ڕەنگە لێرەدا بە واتەیەکی خوازەی و چەمکی ڕەچاوی بکەین، بەڵام لە ڕاستیدا نموونەیەکن لە ئەزموون و ڕاستییەکانی کۆمەڵایەتیی ئەو گەلە. بەکارهێنانی بای سرووشت، بای جەنگ، بای خۆشەویستی، بای خواناسی، بای سەفەر، بای سایبری و بای ملکێتی، پرۆسەیەکی زەمانی و شوناسییە کە تێیدا تاکی کورد بەگشتی و جەمشیدخان بەتایبەت لە درێژەی ئەو پرۆسەیەدا کراس دەگۆڕن و ژیانیان لە کەسایەتییەکی ئاساییەوە ڕادەگوێزرێت بۆ ژیانێکی لیبوکئاسا و قەشمەرانە کە تێیدا تاک تا ئاستی بووکەڵەیەک بۆ نەمایش و ڕابواردنی دەسەڵات دادەبەزێت. ئەم «با»بردنانە و هەڵفڕین بۆ کەشکەڵان وەکوو خوازەیێک بۆ بێدەسەڵاتی، ئۆقرەنەگرتن، ناسەقامگیری، نەبوونی جێگیری و دیاریکراوبوون دەبینرێت و مرۆڤ تا ئەو کاتەی لەم چارەنووسە بە دوور بێت، دەتوانێت لە داوی «با» و گژەبای سەختی دەسەڵات و ئایدیالۆژییەکان لە ئاماندا بێت. ئەوەی ئەو «با»یانە بە تاکی دەکەن، چی لێ ناکەوێتەوە جگە لە دابەزینی کەسایەتیی مرۆڤ تا ئاستی کاڵا و ئاژەڵ و کەلوپەل.

بە چاولێکردنێک لەو «با»یانەی جەمشیدخان هەڵدەفڕێنن، واتە بای سرووشت، بای جەنگ، بای خۆشەویستی، بای خواناسی، بای سەفەر، بای سایبری و بای ملکێتی، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەمانە دەتوانن بای ئاواتەکانیش بن. ئەوەی کە جەمشیدخان دەیەوێت ببێتە فیلسووفێکی سرووشتی یان چاوەدێرێکی شەڕ بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی، یان هاوسەری سەفیناز، یاکوو ببێتە هاونشینی خودا و ببێتە ڕێنیشاندەری پەنابەران، یان خود سیستەمێکی سابرنتیکی نهێنی بەدی بێنێت، هیچکامیان دەستەبەر نابن و ئەوەی ئەنجامی ژیانی ئەوی لێ دەکەوێتەوە، ژیانێکی ئاژەڵییە کە مایەی تیتاڵی و سووکایەتی ئەو تاکەیە. ئەم ڕۆمانە، ڕەنگدانەوەی بێئۆقرەیی و بێدالدەیی مرۆڤێکە کە ڕاستەوخۆ ڕەنجەکانی مێژووی چێشتووە و بەردەوام ئەزموونی کردوون.

ئەمە ڕەنگە دۆخی ژیانێکی ئاوارتەیی و دیاسپۆرایی بێت کە هیچکات بە وتەی جەمشیدخان نەیهێشتووە زەوییەک بدۆزێتەوە کە مرۆڤ تێیدا با نەیبات. ئەمە هەمان ژیانە کە هاوارد فیتێر[1] ناوی ناوە «شاربەدەربوونی فیزیکی و دەروونی مرۆڤ» (Feather, 2024).

ڕۆمانی *جەمشیدخان* بەم شێوەیە و لە ڕێگەی کۆمەڵێک خوازەی وەکوو «با»، هەوڵیداوە پرۆسەیەکی بەردەوام بخاتە ڕوو و پێمان ڕابگەیەنێت کە ئەمە چارەنووسێکی گشتییە کە تێیدا هەمووان ئەنجامەکەیان هەر ئەوەیە و تەنگەژە و نەهامەتی وا دەکات کە هەمووان بنە ملکی بەرپرسان و ژیانی ئەو وڵاتە بنێنە ئەو لاوە و سەری خۆیان هەڵگرن و بڕۆن. ژیانی ناتەبای نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، زاڵبوونی ڕۆحی تاکەکەسی و داڕووخانی ئەو بنەما کولتووری و گشتیانە هەر هەموویان بۆ بەدیهاتنی ژیانێکی ناتەبا و بابردوو کاردانەوەی نەرێنییان بووە. ژیانێک کە «با» هەر دەم بەرەو مەراق و مەیلێکمان دەبا و لە ئەنجامدا بە بێ‌ئەوەی ئۆقرەمان پێ ببەخشێت، لە زەوییەکدا دەمانگیرسێنێتەوە و دووبارە دەماندا بە دەست «با»یەکی دیکە و ئاوارەیی و هەڵاواردنێکی دیکە.


**سەرچاوەکان**

**ئەلف. کوردی**

عەلی، بەختیار (٢٠١٠). *جەمشیدخانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد*، سولەیمانی.

**ب. فارسی**

احمدی، بابک (١٣٨۶). *ساختار و تأویل متن*، تهران: مرکز.

ایگلتون، تری (١٣٨٨). *پیش درآمدی بر نظریهٔ ادبی*، ترجمهٔ عباس مخبر، تهران: مرکز.

بارسلونا، آنتونیو (١٣٩٠). *استعاره و مجاز با رویکردی شناختی*، ترجمهٔ فروزان سجودی و دیگران، تهران: نقش جهان.

ریچاردز،آی.ا (١٣٨٢). *فلسفهٔ بلاغت*، ترجمهٔ علی محمدی آسیابادی، تهران: قطره.

شهری، بهمن (١٣٩١). «پیوندهای میان استعاره و ایدئولوژی»، *نقد ادبی*، ش. ١٩، صص. ٧۶-۵٩.

غلامی، رحمت و نجار، اسماعیل (١۴٠١). «بررسی استحاله شخصیت‌ها به باد در دو رمان کیمیاگر و جمشید خان عمویم از منظر رئالیسم جادویی»، *پژوهشنامهٔ ادبیات کردی*، ش. ١٣، صص. ۵۶-٣٩.

کوچس، زولاتان (١٣٩۴). *استعاره در فرهنگ: جهانی‌ها و تنوع*، ترجمهٔ نیکتا انتظام، تهران: سیاهرود.

کوئیلو، پائولو (١٣٩٧). *کیمیاگر*، ترجمهٔ فرزانه فرزاد، تهران: دنیای نو.


1. Howard Feather

مرادی، حمید و گرجی، مصطفی و هدایت، عثمان (۱۴۰۲). «تحلیل گفتمان انتقادی رمان عمویم جمشیدخان: مردی که باد همواره او را همراه خود می‌برد»، *پژوهشنامهٔ ادبیات کردی*، ش. ۱۵، صص. ۹۶-۸۱.

ج. ئینگلیزی

Abdulkarim, Chiad & Saeed, Ismael (2019) *The Burden of Colonialism and Alienation in Modern Kurdish Novel*, International Journal of Kurdish Studies, No 5(2), PP: 373-392

Ahmadzadeh, Hashem (2021). *From the Wandering Poets to the Stateless Novelists, A Short Introduction to Kurdish Literary History*, Cambridge: Cambridge University Press.

*Fischer, M.J (1980). Iran: From Religious Dispute to Revolution, Cambridge, MA:* Harvard University Press.

Gibbs, Raymond, W and Steen, Gerard, J(1997)Metaphor in Cognitive Linguistics, Tilburg University & VU University Amsterdam.

Feather, Howard (2024). *Social Theory of Displacement: Adventures in the Everyday*, Austin Macauley.

Karim, Tafan Kamal, Fatah, Shajwan Nariman (2024). *A Flying Anarchist: Reading Bakhtyar Ali's My Uncle Jamshid Khan: Whom the Wind was Always Taking*, Journal of University of Human Development (JUHD), Volume 10 No. 4(2024); DOI: 10.21928/juhd.v10n4y2024.pp10-15.

Lakoff, G. (1993). *The contemporary theory of metaphor*, Mouton de Gruyter Berlin, New York, pp. 185-238.

Lakoff, G., & Johnson, M (1980). *Metaphors We Live By*, University of Chicago Press.

Li, Zeyang (2024). *Conceptual Metaphors of "(Wind)" and "(Rain)" in English and Chinese Idioms: A Corpus-Based Comparative Study,* International Journal of Languages, Literature and Linguistics, Vol. ۱۰, No. ,۳, pp: 314-318

Xi, Liu & Yu-ying Zhou (2015). *The Characteristics of Modernism in The Wind Blows by Katherine Mansfield, US-China Education Review B,* August 2015, Vol. 5, No. 8, 535-539.

Zhou, Dongfang (2023). *The Eventually Lost Wind: A Marxist Interpretation of Wuthering Heights*, Scientific and Social Research, Volume 5, Issue 1, pp:12-28.